# ئەگەر و وەڵام

## ئەگەر سەرۆکی حکومەت بوویتایە؟

ئەگەر و وەڵام گۆشەیەکە هەر جارەی پرسیارێك ئاراستەی هاووڵاتیان دەکات

**ڕێبین حوسێن تەمەن(٢٠)ساڵ دەڵێت:** ئەگەر سەرۆکی حکومەت بام، ئەرکم چاکتر کردنی ژیانی خەڵك‌و خۆشکردنی دەبوو، چونکە خەڵك شەرعیەتی پێداوم، کۆی کێشە سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتییەکانم چارەسەر دەکردن بەپێی توانا‌و شارەزایی خۆم‌و راوێژکارەکانم، هەوڵم دەدا زۆرترین گەنجی بێئیش بکەوێتە کارکردن، لەگەڵ ئەوەی ڕێژەیەك لە خوێندکاری کوردم دەنارده زانکۆکانی جیهان بۆ ئەوەی باشترین کەسی ئیداری‌و سیاسی‌و دبلۆماسی بۆ نەتەوەکەم دەربچن‌و بتوانن باشترین خزمەت بەگەلەکەم بکەن. هەوڵم دەدا رۆژ بە رۆژ‌و پلە بەپلە دەستەلاتی حزب‌و حکومەتم لێك جیادەکردەوە، بایەخم بەکەسانی پسپۆڕ‌و شارەزا دەدا لە بواری کولتور‌و رۆشنبیریدا، زۆر ئەو کەسانەم نزیك دەکردەوە لەخۆم کە رەخنە دەگرن بۆ چاکترکردنی حکومەت‌و کارەکانی.

**ئاشنا قادر تەمەن( ٢٥ ) ساڵ دەڵێت:** ئەگەر پۆستی سەرۆکی حکومەتم وەردەگرت، وەك کچێکی کورد سیستەمی پەروەردەی وولاتم دەگۆڕی پێش هەموو شتێك کوڕ‌و کچم لە خوێندنگاکان تێکەلاو دەکرد، ڕێژەی قەیرە کچم کەمدەکردەوە، لەڕێگای پسپۆڕی کۆمەڵناس‌و دەروونناسەکانەوە کێشە دەروونیە کۆمەلاتیەکانم چارەسەر دەکرد تا ماوەی پۆستەکەم تەواو دەبوو، لەلایەکی ترەوە بوارم دەدا ژن بە هاویەکسانی لەگەڵ رەگەزی بەرامبەریدا کاری کارگێری‌و یاسایی بەرێوە ببات لە کوردستاندا، لەگەڵ ئەوەی چەندین کۆمپانیای کارکردن‌و وەبەرهێنانم بۆ ژنە هەژارەکان دادەمەزراند، بۆ ئەوەی چیتر ژنان لە ژوورە تەسك‌و چێشتخانەکان خەونەکانیان نەیەتەدی.

**عەلی عەبدولا تەمەن( ٣٢ )ساڵ دەڵێت:** ئەگەر سەرۆکی حکومەت ئەبووم لە رووی کۆمەلاتیەوە چەند کارێکم دەکرد لەوانە یارمەتی دانی گەنجان بۆ ئەوەی ژیانی هاوسەری پێك بهێنن، بڕیارمدەدا گشت گەنجان ببنە خاوەن پەساپۆرتی خۆیان‌و بتوانن سەفەری دەرەوە بکەن،چونکە گەنجی کورد بێ بەش بووە لەم بوارەدا، دەبوایە گەنجان ئازادبن چۆن بڕیاردەدەن‌و یاخی دەبن، ساڵانە دیدارێکم بۆ گشت گەنجان کوردستان‌و شاروشارۆچکەکان رێکدەخست، زیاتر بایەخم بە گەنجانی دەرەوەی شارە گەورەکان دەدا.هەروەها ئەتکێتم نەدەهێشت وەك سەرۆك حکومەتێك.

**گوڵاڵە مستەفا تەمەن( ١٨ )ساڵ:** ئەگەر سەرۆکی حکومەت دەبووم، چاکسازی زۆرمدەکرد بەتایبەتی نەمدەهێشت چیتر ژنان سواڵبکەن، لەگەڵ ئەوەی خەتەنەکردنی کچانی کوردم بە یاسایەکی توند قەدەغە دەکرد، دەرگای خۆم واڵدەکرد بۆ هەر کێشیەك، سکرتێری ژنم نەدەبوو، وەك سەرۆکی حکومەت، بەلکو ئیمێڵ‌و ڕاستگۆی خۆم دەکردە پردی ڕێکخەری نێوان خۆم‌و هاولاتیان بەگشتی، پاسەوانێکی زۆر‌و بێ ئەندازە بەدوای خۆمدا بگەڕێنم ئەمەم نەدەهێشت، لەگەڵ ئەوەی هیچ جیاوازییەکم نەدەکرد، لەنێوان هاوڵاتیانی وولاتەکەم، باشترین پلانم دادەنا بۆ ئەوەی چیتر بێ پلان نەژین.